# لەشەوەزەنگی ئەمڕۆی عێراقدا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق چرایەکی درەوشاوەیە

## وتـەی رەحمـانی حوسـێن زادە سـەرۆکی وەفـدی حزبـی کۆمۆنیسـتی کرێکـاریی ئێـران- حیکمەتیسـت لـە کۆنگرەی چوارەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا

هاورێیانی ئازیز،

ئامادەبووانی کۆنگرەی چوارەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق!

لەلایەن ڕابەری، کادرانو ئەندامانی حزبی کۆمۆنیسـتی کرێکـاریی ئێـران- حیکمەتیسـتەوە، پیرۆزبـایی بـەرپاکردنی ئـەم کۆنگرەیـەتان لێدەکـەم. ئێمـە هەیئـەتی حزبـی حیکمەتیست، واتە من وە هاورێیان صالح سەرداریو ئەسەدی گوڵچینی، زۆر خۆشحاڵین کە لەم کۆنگرەیەدا بەشدارین. زۆر خۆشـحاڵین کـە ئـەمڕۆ، وە لـەم هۆڵـەدا، لـە کـەنار نوێنەرانی کۆمۆنیستەکانی عێراقین، کە لە چوارگۆشەی ئەم وڵاتەوە هاتوونو لەم هۆڵەدا کۆبوونەتەوە. لەکەنار ئەو ئینسانانەین کـە نوێنـەری ئـەو بزووتنەوەیـەن کـە ئـازادیو یەکسانی، دیفاع لەمافی ئینسان، هەوڵدان بۆ کۆتاییهێنان بەچەوسانەوەی ئینسان سەردێڕی بەرنامەیانە، نەخشەیانە، سیاسەتیانە، ئەویش لە کۆمەڵگایەکدا کە تیایدا کوشـتنی ئینسان بووەتە پیشەی هەموو لایەنێك.

هاورێیان!

من دەمەوێت لێرەدا باسی گرنگی دوو مەسەلە بکەم. یەکێکیان گرنگی ئەوەی کە هەموو ئەو ئینسانانەی وە ئەو کۆمۆنیستانەی کە دەستمان داوەتە دەستی یەك لـە حزبـی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا وە لە هەموو ئەو ڕێکخراوو سازمانانەی کە بەجۆرێك لەدەوری حزبی کۆمۆنیسـتی کرێکـاریی عێـراق لـەم کۆمەڵگایـەدا کۆبوونەتـەوە. ئەمـە گرنگیەکی زۆری هەیە، بەتایبەت لەکۆمەڵگایەکدا کە ئاماژەم پێدا. کە دیفاع لە مافی ئینسان ئەکەین، لە کۆمەڵگایەکدا کە ئەمڕۆ ئینسان کوشتن تیایدا بووەتە کارو پیشـە، ئینسان کوشتن لەم کۆمەڵگایەدا بۆ زۆربەی زۆری لایەنەکان بووەتە بازرگانی (بزنس)، ئینسان کوشتن لەم کۆمەڵگایەدا بەهای زیاترە لەژیانکردنی ئینسانەکان.

خۆتان ئەزانن، ئینسانەکان ئەسیر ئەکەنو داوای حەفتا هەزار دۆلار ئەکەن، داوای سەد هەزار دۆلار ئەکەن، وە دەبێ بیدەی بۆئەوەی گیانیان نەجات بدەی، لەکاتێکـدا ئەگـەر ئەو پارەیە بدەی هەر بەو ئینسانە ساڵو نیوێك پێی ئەژی. لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا کە بەدەستی ئەمەریکا، بەدەستی (القاعیدە)، بەدەسـتی ڕەوتـە ئیسـلامیەکان و بەدەسـتی هەموو دەوڵەتانی دەوروبەر، هەموو کۆنەپەرستییەکیان بەسەر ئەم ناوچەیەدا داباراندووە بۆئـەوەی نەتـەنها مـافی ئینسـان بخنکێنـێ، نەتـەنها نایەکسـانی داسـەپێنێ، بـەڵکو ئینسانەکانیش لەنێوبەرێت، نەوەیەك بیانگێڕێتە دواوە، بەزەبیان بە منداڵێکیشدا نایەت و هەر ئینسانێك بەردەستیان دەکەوێت دەیکـوژن. لـەم کۆمەڵگایـەدا، ئێمـە کـە لـەم هۆڵەدا کۆبووینەتەوە نوێنەری ئەوبەشەین کە دیفاع لە ئینسان ئەکەین، کە دیفاع لە مافی ئینسان دەکەین، دیفاع لە ئازادییان ئەکەین.

ئەگەر مەودای کارو هەڵسووڕان بنێینە ئەولاوە، راستیەکی دڵخۆشکەر بوونی ئەم ریزەو ئەم کۆنگرەیەیە بە نوێنەرایەتی ئەم بزووتنەوەیە. خسـتنەڕووی روخسـارێکی دیکەیـە لەم کۆمەڵگایە. راگەیاندنی ئەم مەسەلەیەیە کە لەم تاریکییەدا ڕووناکییەك ئەدرەوشێتەوە. هەر لەمبارەیەوە دەمەوێ باس لە تەئکیدی دووەمم بکەم، کـە ئێمـە دەزانـین تـاك تاکی ئێوە هاورێیانو ئەو ڕێکخستنانەی کە نوێنەرایەتییان دەکەن لە چ هەلومەرجێکی سەختدا خەریکی کـاری کۆمۆنیسـتین. ئـەوە دەرك ئەکـەین کـە لـە چ هەلومـەرجێکی ناهەمواردا شانازی هەڵکردنی ئاڵای رزگاریی ئینسانتان بەرز کردووەتەوە. هەرلەبەر ئەمە ئێمە هەمیشە وتوومانە کە لە سیناریۆی رەشی عێراقـدا تـەنیا چـرای ئومێـد حزبـی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقە.

هاورێیان!

رێگەم بدەن لەم بەشەی قسەکانمدا چاوەڕوانیەکانمان لەم کۆنگرەیەو جیهەتگیریەکانی بخەمە روو:

پێم وایە هەموومان لەسەر ئەوە کۆك بین کە لە جەرگەی ئاڵوگۆڕە ئاڵۆزەکانی ئێستادا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو ڕێکخراوە حزبیەکانی دەتوانێ ئـامرازی سـەرەکی یەکگرتووکرنو ڕێکخراوکردنی کرێکارو جەماوەری نارازی خەڵك بێت لەرێگای ژیاندنەوەی ئیرادەو ئومێدی کۆمەڵگاوە. دەورەی داهاتوو دەکرێ دەورەی پەرەسەندنی ڕێکخستنە حزبیەکانی ئێمە بێت لە شوێنی کارو ژیاندا، لە شارەکانو لەگەڕەكو کارگەو زانکۆو قوتابخانەو هەر جێگایەك کە ئینسانی نارازی هەست بە پێویستی یـەکێتیو ڕێکخراوبـوون دەکات. دەورەی ئایندە، دەورەی پەرەسەندنی حیزبو ڕێکخستنە حزبیەکان، دەورەی توندوتۆڵکردنو هاوئاهەنگکردنی حزب بێت، وە چاوەڕوانی ئێمە ئەوەیە دەورەیەك بێـت کـە لە هەموو شارو گەڕەكو کارگەو زانکۆیەکدا حزبی ئێمە، ڕێکخستنو کۆمیتـە حزبیـەکانمان ئـامرازی یـەکگرتووکرنو ڕێکخراوکردنـی نارەزایـەتیو خـەباتی هـەموو ئینسـانە ئازادیخوازەکانی کۆمەڵگابن. ئەم کۆنگرەیە دەتوانێ ڕێگاخۆشکەری سەرهەڵدانی حزبێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی کاریگەربێت.

- چاوەڕوانیەکی ترمان ئەوەیە ئەم حزبە لەهەمانکاتدا دەخاڵەتی سیاسی لەکۆمـەڵگای عێراقـدا هەسـت پێبکـاو هـەموو ئـەو کەناڵانـەی، هـەموو ئـەو وەسیلانە و ئـەو ڕێکخراوانەی تا ئێستا خۆمان تەجروبەمان کردووە لەوە بەولاوە بەهێزتری کەین. ئەبێ ئەو ئەڵتەرناتیوە بـەڕووی خەڵکـدا ڕابگـرێ، بـەڕووی کرێکـار، زەحمـەتکێش، ئینسـانی

ئازادیخواز، سیکیولارو عیلمانی ڕابگرێ که لەبەرامبەر هەموو ئەلتەرناتیوە کۆنەپەرستەکان و ڕەوتەکانی تردا ئەلتەرناتیوێك بێت بۆ دەخاڵەتی سیاسی لەم کۆمەڵگایەدا، هێشتا کێشەی دەسەڵات نەبڕاوەتەوە ناسەقامگیریی لەسەرتاسەری عێراقدا وجودی هەیە، هەروەها کۆمۆنیستەکان بەوەسیلەی کاریگەرەوە ئەبێ ئەو ئەلتەرناتیوە بەڕووی خەڵکدا ڕابگرن، بۆیە پێمان وایە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئەبێ پەیوەندی خۆی زۆر توندوتۆڵ لەگەڵ کۆنگرەی ئازادی عێراق دا رابگرێ، ئەبێ کەموکوڕیەکانی بەکەموکوڕی خۆی بزانێ، ئەبێ پێشڕەویەکانی بەپێشڕەوی خۆی بزانێ، ئەبێ سەیری بکات و زاڵ بێت بەسەر کەموکوڕیەکانیدا، که ئەو وەسیلەیە ئەو رێکخراوە زیاتر بەدەست ریزی ملیۆنیی خەڵکەوە بێت له عەلمانیەوە تا کۆمۆنیستی تا لیبرالی، بۆئەوەی ئەو کۆمەڵگایە دیفاع لەمەدەنیەتو لەمافی ئینسان بکات، وە ئەم داگیرکاریە ئەم وەزعیەتە ناخۆشەو ئەم ئیرهابەی که لەعێراقدا بەوجودهاتووە، کۆتایی پێبێنێ. له لایەکی ترەوە چاوەڕوانیمان ئەوەیە ئەو حزبە، هەموو ئەو ڕێکخراوە جەماوەریانە، هەموو ئەو ریکخراوو دامەزراوانەی که لەگەڵ کرێکاراندا له نێو ژناندا له نێو لاواندا له هەر بەشێکی ئەو کۆمەڵگایە خەریکن خشتێك دەخەنە سەر خشتێك، خەریکن ئیتحاد دروست ئەکەن، خەریکن خەبات ڕێکدەخەن، پشتیوانییان لێ بکاتو بەرەوپێشەوەیان بەرێت. کۆنگرەی ئازادی عێراق، ئیتحادی مەجالیس، ڕێکخراوی ئازادی ژن، ڕێکخراوێك که ئەگەر بۆ لاوانو بۆ گەنجان پێك بێت، هەموو ئەوانە جێگای خۆیەتی جێگای پیشتیوانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بێت، وە وەك حزبێکی چالاكو هەڵسوڕاو له کۆمەڵگا وە لەم کەناڵانەشەوە، لەرێگای ئەم وەسیلانەشەوە هێزی کۆمەلایەتی خۆمان بەهێزتر بکەین و زیاتری بکەین وە دەخاڵەتگەریمان لەکۆمەڵگادا بهێڵینەوە.

لەکۆنگرەی حزبدا زەرورە لەسەر ئەوەش تەئکید بکەین که لەکۆنگرەی ئازادی عێراقیشدا فەعالیەت بکەین هەڵسوڕاوانو کادرانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، له ئیتحادی مەجالیس له ڕێکخراوی ژنان و لاوان و له هەر ڕێکخراوێكو نیهادێکی جەماوەری تریشدا فەعالیەت بکەین، لەسەر یەك شت دەبێ رێکبکەوین، لەسەر یەك شت دەبێ دووبارە پێ دابگرینەوە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر حزبێك نەبێت که میحوەرێك بێت، که خالێکی بەیەکگەیشتن بێت، که پاڵپشتێك بێت بۆ هەموو ئەم جەرەیاناتو ئەم ڕێکخراوو ئەم نیهادانەو هەڵسوڕاوانی هەموو ئەوانە لەحزبدا یەك نەگرینەوە، له حزبدا مونسەجم نەبین، له کۆنگرەکەیدا هاودەنگ نەبین، لەکۆنگرەکەیدا دەنگ بۆ ئیتحاد نەدەین هەم حزبەکە زەعیف ئەبێ، هەم دانە بەدانەی ئەو رێکخراوانە. نە لەکۆنگرەی ئازادی عێراق، نە لەئیتحادی مەجالیس، نە هیچ ڕێکخراوێکی جەماوەری دیکەش کارمان ناچێتە پێشەوە. هەموو ئەو قەناتانە هەموو ئەو بەشانە هەموو ئەو سازمانانە پێویستن، بەڵام میحوەرێك هەیە، فاکتەرێکی ئەصڵی هەیە ئەویش حزبە، لەحزبدا یەکانگیر، موتەحید، موتەشەکل بن، بەتەواوی توانای حزبەوە بچین و هەموو ئەو مەیدانانە، هەموو ئەو بوارانە، بەهێزبکەینو بیانبەینە پێشەوە.

چاوەڕوانیەکی ترمان ئەوەیە که لەدوای ئەم کۆنگرەیە، پرۆژەیەك کەباسی ئەکەین حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان بەسەرئەنجام بگات، کۆمەڵگای کوردستان بەو دەلیلانەی باسکراون بەو ڕەوتە جیاوازەی پێی گەیشتووە، جارێکی که هێز کەوتووەتە بەردەمی، ئێمە کۆمۆنیستەکان لەکوردستانی عێراق چۆن خۆمان ڕێکخراو بکەینەوە چۆن خۆمان سازمان بدەینەوەو چ وەسیلەیەك بەدەستەوە بگرین، چۆن خۆمان رێکخراو بکەینەوەو چ جۆرە حزبێك دروست بکەین، بۆئەوەی جارێکی تر خۆمان بەهێز بکەینەوە، کۆمۆنیستەکان بەهێز بکەین، چەپی ڕادیکاڵی کۆمۆنیستی بەهێز بکەین، پەرچەمی ئازادیو یەکسانی دووبارە بکەینەوە بە ئەصڵێك لەکۆمەڵگای کوردستاندا.

ئەم کۆنگرەیە دەبێ حیمایەت بکا، پشتیوانی بکاو ڕێگا خۆش بکا بۆ هەموو ئەو کەسانە بۆ هەموو ئەو هاوڕێیانە وە بۆ ئەو فەعال و کۆمۆنیستو هەڵسوڕاوانە بۆئەوەی بەزووترین کات و لەوە زیاتر وەخت بەهەدەر نەدەین و لەو گۆمەڵگایەدا حیزبێکی سەروساماندراوو مونسەجیم و ڕێکوپێك پێکبهێنین و بیخەینە بەردەست کرێکارو زەحمەتکێشو ئینسانی ئازادیخواز و بڵێین وەرن پێوەی پەیوەست بن. باتەکلیفی خۆمان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورد، لەگەڵ هەموو کۆنەپەرستیدا ڕۆشن کەینەوە، خەتێکی بەهێزی ڕادیکاڵی کۆمۆنیستی بخەینە بەردەم کۆمەڵگای کوردستان که ئەویش له حزبدا حزبێکی موتەحیدو رێکخراودا دەچێتە پێشەوە. ئەوە چاوەڕوانیەکی دوای ئەم کۆنگرەیەیە که ئەو پرۆسەیە بەسەر ئەنجام بگات، نابێ لەوە زیاتر دوا بکەوێ، نابێ لەوە زیاتر کاتی ئێمە بگرێ لەبەرئەوەی دوائەکەوین، لەوە زیاتر له واقیعەکە دوا ئەکەوین، ئەوە زەرورەتێکی سیاسیە که کۆمۆنیستەکان لەکوردستانی عێراقدا جارێکی تر بەحزبیەتەوە بەرێکخراوەو بەهێزەوە بێنە مەیدان، وە ئەلتەرناتیوێك بخەنە بەردەم کۆمەڵگا و بڕیاربدەن که پێوەی پەیوەست بن.

قسەکانم کۆتایی پێدێنم و ئەمەوێ لەسەر ئەوە تەئکید بکەمەوە که لەم خەباتەدا که ئێمە چاوەڕوانیو تەوەقوعمان لێی هەیە، حزبی حکمەتیست بەهەمان شێوە له کەناری ئێوەیەو هاوسەنگەری ئێوەیە، هاو خەباتی ئێوەیە، وەختێ ئەڵێم حزبی حیکمەتیست لەگەڵتانە، تەنها مەبەستم قەوارەیەکی ریکخراوەیی نیە، تەنها کۆمەڵێك کادرو ئەندامی کۆمیتە ناوەندیەکەی نیە، یان هاوریانێکمان که لەم کۆنگرەیەدا بوون. کاتێك ئەڵێم حزبی حیکمەتیست لەگەڵتانە بەمانای نوێنەری بزووتنەوەیەکی پانو بەرین له ئێراندا. نازانم ئێوە چەندە له ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کۆمەڵگای ئێران ئاگادارن، ئەمرۆ بەدۆستو دوژمنەوە هەموو ئەو ڕووداوە سیاسیانەی که له زانکۆکانی ئێران ڕوویدا، ئەو خەباتو بزوتنەوە ئیعترازیەی له کوردستانی ئێران ڕوو ئەدا،... راست بێت یان ناڕاست دەڵێن، ئیلهام بەخشەکەی، هاندەرەکەی، بزوێنەرەکەی حیزبی حیکمەتیستە. ئێمە شانازی ئەکەین بەو بزوتنەوەیەی کەبەڕێ کەوتووە. شانازی ئەکەین بەو بزووتنەوەیەی خوێندکاران که له سەرتاسەری ئێراندا ئالای ئازادیو بەرابەری بەرز کردۆتەوە، بەو خەباتو تێکۆشانەی که ئالای دیفاع له مافی منالْ وەهەقی منالْی لەشارەکانی ئێرانو کوردستان به دەستەوە گرتووە. لەلایەکی ترەوە حزبەکەی ئێمەو بزوتنەوەکەی ئێمە شانازی بەوجودی ئەو ئینسانانەوە دەکات که ئالای ئازادیو بەرابەریان بەرز کردۆتەوە، بەوجودی ئەو ئینسانانەی که لەدژی کۆماری هاری ئیسلامی هاتوونەتە مەیدان، وە شانازی بەدیفاع لەو ئینسانانە دەکات کەمافی ئینسانیان بەرزکردۆتەوە.

وەختێ ئەڵێم حزبی حیکمەتیست له کەناری تێکۆشانو خەباتی خۆتاندا دابنێن، دڵنیا بن لەوەی که کەسێکی بەهێز، کەسێك بەقەد هێزی ئازادیو بەرابەری له سەراسەری ئێراندا لەکەنارتاندا ئەبێ. زۆرن ئەو ئینسانانەی له بزووتنەوەکەمان له ئێران که چاویان لەوەیە بزانن کۆنگرەی چوارەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق چەندە چۆتە

پێشەوە، خەبات‌و تێکۆشانێك کە ئەم حیزبە لە عێراق نوێنەرایەتی دەکات‌و ئالاکەی ئازادی‌و یەکسانیە چەندە بەهێزە وە چەندە بەهێز ئەبێت. سەرەنجام دەمەوێ بڵێم لە خەبات‌و تێکۆشانی خۆتاندا بزوتنەوەیەکی وا، حەرەکەتێکی وا، تێگەیشتنێکی وا لە حزبی حکمەتیست لە کەناری خۆتاندا ببینن.

ئاخرین قسەم ئەوەیە، هاوڕێیانی دانیشتوو لە هۆڵی ئەم کۆنگرەیەدا! کۆمەڵگای عێراق پێویستی بە ڕزگاری هەیە، ئینسان لەم کۆمەڵگایە پێویستی بە نەجات لەم جەهەنەمە هەیە، ژنان لەم کۆمەڵگایەدا پێویستیان بە نەجات بوون لەو جەهەنەمە هەیە کە بەسەریاندا سەپاندون، کرێکار پێویستی بەوە هەیە چەوساندنەوەی لەسەر نەمێنی، لاوان پێویستیان بەوە هەیە شادی‌و خۆشی ڕوو بکاتە قوتابخانەو شوێنی ژیانیان، خەتی ئینسانی لەم کۆمەڵگایە پێویستی بەڕزگاری هەیە، راستیەکەی ئەوەیە جیا لەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وە جیا لە ریزێك لەو ئینسانانەی کە ئێوە لێرە نوێنەرایەتیان دەکەن‌و لەدەرەوەی ئەم هۆڵەو بگرە لەدەرەوەی ئەم حزبەشدان، هیچ جەریانێك وە هیچ حەرەکەتێکی سیاسی وە هیچ جەریانێکی سیاسی دیکە وجودی نیە..... ئەوەی بیەوێ کۆمەڵگای عێراق ڕزگار بکات، ئینسان لە عێراق ڕزگار بکات، ئیتر ئەو ئەرکە گرنگە، ئەو وەزیفە گرنگە لەسەر شانی ئێمەی کۆمۆنیستەکانی عێراقە، لەسەر شانی هەموو ئەو ئینسانانەیە کە ئێمە لێرە نوێنەرایەتیان ئەکەین، هەم وەزیفەیەکی قورسە هەم وەزیفەیەکی جێگای شانازیە. لەئاخردا کۆنگرەمان بەرەو ئەوە بەرین، سیاسەتێك بهێنینە پێشەوە، ڕابەریەك بهێنینە پێشەوە، حزبێکی مونسەجیم‌و ڕێکوپێك بهێنینە پێشەوە کە وەسیلەی نەجاتدانی کۆمەڵگای عێراق بێت لەو مەینەتیە کەئێستا تێی کەوتووە. هیوادارم هەموو ئێوە سەرکەوتوو بن نوێنەرانی کۆنگرە.

بژی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

بژی جمهوری سۆسیالیستی